# ئايا كتێبی ( نهج البلاغة ) هی چی كەسێكە؟

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# لمن ينسب كتاب " نهج البلاغة "

< كردي >

محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا کتێبی ( نهج البلاغة ) هی چی کەسێکە؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەلام کراوە :

**پرسیار :** حەز دەکەم ئەو پرسیارە بکەم ئایا کتێبی ( نهج البلاغة ) تا چەندێك ڕاستە، وە ئایا ڕای بەڕێزتان چیە لەو بارەیەوە؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

کتێبی ( نهج البلاغة ) لەو کتێبانەیە کە دراوەتە پاڵ پێشەوای موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبو طالب ( خوای لێ ڕازی بێت )، ئەم کتێبە زۆرێك شتی تێدایە کە ڕاجیاوازی لەسەر دروست بووە لەنێوان ئەو کەسانەی کە لەسەر ئیسلام دەژمێررێن، وە بەپێی ئەو بنەما زانستیەی کە زانایانی ئیسلام لەسەری دەڕۆن، لەپێناو جێ بەجێکردنی ئەو فەرمانە شەرعیەی کە داوای ئەوە دەکات کە دەبێت هەموو شتێك کە دەدرێتە پاڵ کەسێك بەدواداچۆنی بۆ بکرێت تاوەکو بەڕاستی ودروستی بسەلمێت ئایا ئەو ووتەیە، یان ئەو شتە (فعلا) ئەو کەسە وتویەتی یان هی ئەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆلای زانایانی پسپۆڕ تاوەکو دڵنیا بین لەڕاستی ئەوەی دراوەتە پاڵ ئیمامی عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت )، لەبەر ئەوە ئەو شتەی لە هاوەڵانەوە بە ئێمە گەیشتوە ئەصڵ و ئەسەرێکی هەیە لە شەریعەتدا، بەتایبەتی لە کەسێکی وەك ئیمامی عەلی یەوە بۆ ئێمە گوازرابێتەوە ( خوای لێ ڕازی بێت )، ئەو پێشەوای بەڕێزەی کە کۆمەڵێك لە خەڵکی زیادەڕۆییان کردوە لە ئاستیدا، وکۆمەڵیك کەسیش کەمتەرخەمی و جەفایان نواندووە، بەڵام خوای گەورە ئەهلی سونەت و جەماعەی موەفق کردوە کە لەو نێوەندەدا ناوەند گیر بن.

بەگەڕانەوە بۆ لای ووتە و ڕای زانایان لەبارەی ئەم کتێبەوە، وە بە وورد بوونەوە و بەراوورد کردن لە نێوان ئەو بابەتانەی کە لەو کتێبەدا هاتووە، ولەگەڵ ئەو ڕیوایەتە صەحیحانەی کە لە پێشەوا عەلیەوە سەلماوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) بۆمان ڕوون دەبێتەوەهەندێك لەو بابەتانە پێچەوانەی ئەو زانیاریانەیە کە لێوەی جێگیروو ثابت بووە .

ئیمامی زەهەبی ( خوای لێ ڕازی بێت ) لە بارەی ژیانی ( مورتەضی كوڕی عەلی كوڕی حوسەینی كوڕی موسی الموسوي یەوە كە لە ساڵی (436) كۆچی دوایی كردووە، دەڵێت : **" هو جامع كتاب " نهج البلاغة" , المنسوبة ألفاظه إلى الإمام علي -رضي الله عنه- , ولا أسانيد لذلك , وبعضها باطل , وفيه حق , ولكن فيه موضوعات حاشا الإمام من النطق بها , ولكن أين المنصف؟! وقيل : بل جمع أخيه الشريف الرضي ... وفي تواليفه سب أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم , فنعوذ بالله من علم لا ينفع "** [ سير اعلام النبلاء بەرگی 17/ لاپەڕە 589 ].

واتا : ئەم پیاوە كۆكەرەوەی كتێبی ( نهج البلاغة ) یە، كە دراوەتە پاڵ ئیمامی عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت ) وە هیچ سەنەدێكیشی نیە، بگرە هەندێكیشی باتڵ و ناهەقن، وە هەندێكیشی هەق وڕاستین، بەڵام دەبێت بزانین هەندێك بابەتی تێدایە ( حاشا ) لەوەی كە ئەو ووتانە ووتەی ئیمامی عەلی بن ولەزاری ئەووە دەرچوو بن، بەڵام ئەی ئایا دانەرەكەی كێیە؟ ووتراویشە كە برای ئەم مورتەضی یە كە ناوی ( الشريف الرضي ) یە ئەم كتێبەی كۆكردوەتەوە،،،، لەهەندێك نوسین و بابەتیدا جنێودانی بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوای ( صلی الله علیه وسلم ) تێدایە، پەنا دەگرین بەخوا لە زانست و زانیاریەك كە سوودی نەبێت.

شێخ الاسلام ابن تیمیة ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە بارەی ئەم كتێبەوە ووتویەتی: **" أكثر الخطب التي ينقلها صاحب "نهج البلاغة "كذب على علي ، وعليٌّ رضي الله عنه أجلُّ وأعلى قدرا من أن يتكلم بذلك الكلام ، ولكن هؤلاء وضعوا أكاذيب وظنوا أنها مدح ، فلا هي صدق ولا هي مدح ، ومن قال إن كلام علي وغيره من البشر فوق كلام المخلوق فقد أخطأ، وكلام النبي صلى الله عليه وسلم فوق كلامه ، وكلاهما مخلوق ... وأيضا فالمعاني الصحيحة التي توجد في كلام علي موجودة في كلام غيره، لكن صاحب نهج البلاغة وأمثاله أخذوا كثيرا من كلام الناس فجعلوه من كلام علي، ومنه ما يحكى عن علي أنه تكلم به، ومنه ما هو كلام حق يليق به أن يتكلم به ولكن هو في نفس الأمر من كلام غيره ، ولهذا يوجد في كلام البيان والتبيين للجاحظ وغيره من الكتب كلام منقول عن غير علي وصاحب نهج البلاغة يجعله عن علي ، وهذه الخطب المنقولة في كتاب نهج البلاغة لو كانت كلها عن علي من كلامه لكانت موجودة قبل هذا المصنف منقولة عن علي بالأسانيد وبغيرها ، فإذا عرف من له خبرة بالمنقولات أن كثيرا منها بل أكثرها لا يعرف قبل هذا علم أن هذا كذب، وإلا فليبيِّن الناقل لها في أي كتاب ذكر ذلك، ومن الذي نقله عن علي ، وما إسناده ، وإلا فالدعوى المجردة لا يعجز عنها أحد، ومن كان له خبرة بمعرفة طريقة أهل الحديث ومعرفة الآثار والمنقول بالأسانيد وتبين صدقها من كذبها؛ علم أن هؤلاء الذين ينقلون مثل هذا عن علي من أبعد الناس عن المنقولات والتمييز بين صدقها وكذبها "** [ منهاج السنة النبوية بەرگی 8/ لاپەڕە 55 ] واتا : زۆربەی زۆری ئەو وتارانەی كە خاوەنی كتێبی ( نهج البلاغة ) گواستونیەتیەوە، دۆریە بەدەم عەلیەوە كراوە، چونكە عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت ) زۆر بەرزتر و بەرێزترە لەوەی كە ئەو ووتانە بڵێت، بەڵام ئەوانە كۆمەڵێك دۆریان هەڵبەستوە وایان زانیوە كە مەدح وثەنایە، ئەو وتانە نەڕاستن و نەمەدح وثەنایشن، وە هەركەسێك بڵێت كە ووتەی عەلی و هەركەسێكی

تریش لە مرۆڤەکان لە سەروو ووتەی مەخلوقاتەوەن ئەوە بێگومان هەڵەی کردووە، چونکە ووتە و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەسەر ووتەی ئەوەن، وە هەردووکیشیان مەخلوق ودروستکراوی خودان .... هەروەها واتا ومەبەستی ڕاست ودروست کە لەووتەکانی عەلیدا بەدی دەکرێت لە ووتەی غەیری ئەویشدا هەر بەدی دەکرێت، بەلام خاوەنی کتێبی ( نهج البلاغة ) وجگە ئەویش ووتە و گوفتاری زۆرێك لە خەڵکیان هێناوە و دوایانەتە پاڵ عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت )، هەندێك لەو ووتانە بەناوی عەلیەوە دەگێڕرینەوە عەلی ووتونی، وە هەندێکی تریشی ووتەی ڕاستن و هەقن شایستەی ئەوەن کە ئەو ووتبنی، بەلام لەڕاستیدا ووتەی غەیری ئەون، لەبەر ئەوە دەبینین هەندێك ووتەی جاحظ کە لە ( البيان و التبين ) دا، ووتونی، یان لە هەندێك کتێبی تریشدا کە کەسانێکی جگە لە ئیمامی عەلی ووتونی خاوەنی ( نهج البلاغة ) هاتووە وداوینیەتە پاڵ عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت )، ئەو ووتارانەی کە لەو کتێبەدا نووسراونەتەوە، ئەگەر بهاتایە هەمووی هی عەلی بونایە، دەبوایە پێش نووسینی ئەم کتێبە لە جێگای تر و کتێبی تردا بە سەنەدی صەحیحەوە لە عەلیەوە گێڕرابنەوە، جا ئەو کەسەی کە پسپۆڕی و خیبرەی هەبێت بەو ووتار و بابەتانەی کە بۆ خەڵکی دەگوێزرێنەوە بۆی دەردەکەوێت کە زۆربەیان، بەڵکو زۆربەی زۆریان پێش نووسینی کتێبی ( نهج البلاغه ) نەزانراوون، بەمەش دۆری ئەم مەسئەلەیە ڕوون دەبێتەوە، وە گەر نا با ئەو کەسەی ئەم زانیاریانەی ناو ئەو کتێبەی گواستوەتەوە ڕوونی بکاتەوە لە چی کتێبکی تردا ئەو وتانەی عەلی هەیە، یان چی کەسێك لە عەلیەوە ( ڕەزای خوای لێ بێت ) گێڕاویەتیەوە، وە سەنەدەکانی کامانەن، وە گەر نا بانگەشە کردنی ڕووت هەموو کەسێك پێی دەوێرێت، وە هەرکەسێك پسپۆڕ و شارەزا بێت بە ناسینی ڕێگاکانی ئەهلی حەدیث، وناسینی شوێنەوار وبابەتە گوازراوەکان و سەنەدەکان و بتوانێت ڕاستی و ناڕاستیان لێك جوودا بکاتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەو کەسانەی ئەو ووتار و بابەتانەیان لە عەلیەوە گواستوەتەوە زۆر دوورن لەوەی کە لەو کەسانە بن کە ڕاست ودروستی لەیەك جودا بکەنەوە.

لەو کەسانەشی ئاماژەیان داوە بە درۆی ناو ئەم کتێبە ( خەطیبی بەغدادی ) یە لە کتێبی ( الجامع لاخلاق الراوي واداب السامع ) لەبەرگی 2/ لاپەڕە 161 دا، هەروەها ( قاضي ابن خەلەکان ) و ( صەدفی ) و جگە لەوانیش کەسانێکی تریش ئاماژەیان داوە بەم مەسئەلەیە، دەتوانین ئەو ڕەخنانەی لە بارەی کتێبی ( نهج البلاغة ) وە ووتراوە، کورتیان بکەینەوە لەم چەند دێرەدا :

لە نێوان نووسەری ئەم کتێبە وئیمامی عەلیدا ( خوای لێ ڕازی بێت ) حەوت دەستە لە ڕیوایەتکارەکان بوونیان هەیە، بەلام ئەم نووسەرە هەستاوە هەر هەموو ئەو حەوت دەستەیەی سڕیوەتەوە، لەبەر ئەوە

ناکرێت بەبێ سەنەد ووتەکانی وەربگرین، تەنانەت ئەگەر  هاتوو ناوی تەواوی ئەو حەوت دەستەش بهێنیت دەبێت لێکوڵینەوەیان لەبارەی کەسەکان و ئاستی دادگەریان بکرێت،،، نەبوونی زۆربەی ئەم ووتارانە پێش دەرکەوتنی ئەم کتێبە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم کتێبە بەناوی عەلیوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دانراوە،،،، مورتەضی خاوەنی ئەم کتێبە لەو کەسانە نەبووە کە ڕیوایەت بگێڕێتەوە، نەك هەر هێندە بگرە قسە کراوە لەسەر دین و عەدالەتیشی ( واتا کەسێکی دیندار و عادلیش نەبووە )،،، هێندە بەسە کە بەڵگە بێت لەسەر باتڵی و پڕوپوچی ئە م کتێبە کە جنێوی تێدایە بۆ گەورە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم )،،، ئەو ووتە و تانە و تەشەر وجنێوانەی لەو کتێبەدا هاتووە لە ڕەوشتی مرۆڤی باوەڕدار ناوەشێتەوە، چی جای لە کەسێکی وەك ئیمامی عەلیەوە ( خوای لێ ڕازی بێت )،،، زۆر ووتە و دەستەواژەی دژ بەیەك و ڕەکیکی تێدایە کە چاوەڕوان ناکرێت لە پێشەوایانی زمانزان و ڕوازنبێژانەوە دەرچوو بێت،،،، ئەو کتێبە لای شیعەی ڕافیزە زۆر بە دڵنیایی باوەڕ و متمانەیان پێیەتی، بە ئەندازەی صەحیحی و دروستی قورئانی پیرۆز باوەڕیان پێیەتی، هەموو ئەو ڕەخنانەشی لێی گیراوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شیعە لەکاروباری دینەکەیاندا ڕەچاوی بنەماکانی جێگیرکردن و دڵنیا بوونی ڕاست ودروست ناکەن لە نقڵ کردنی ڕیوایەتەکاندا ....

لەسەر بنەمای ئەوەی کە باسمانکرد بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کتێبی ( نهج البلاغة ) هی ئیمامی عەلی نیە ( خوای لێ ڕازی بێت )، وە تەواوی ئەو ووتار و گوفتارانەشی تێیدا هاتوون ناکرێن لە بابەتە شەرعیەکاندا بکرێن بە بەڵگە و دەلیل، سەبارەت بەو کەسەشی کە ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری هەندێك لە ڕستە و دەستەاوژەکانی ببێت، حوکمی وەك خوێندنەوەی تەواوی کتێبەکانی تری زامن وایە، بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك ئەو ووتار و گوفتارانە بدرێنە پاڵ پێشەوای باوەرداران عەلی کوڕی ئەبوطالیب ( خوای لێ ڕازی بێت ) بۆ زیاتر شارەزا بوون دەتوانیت تەماشای کتێبی ( کتب حذر منها العلماء بەرگی 2 / لاپەڕە 250 ) بکەیت ..

خوای کەورەش زاناترە ..